## ئارچیباد رۆزوێلت

یەک لەو سەرچاوە بیانییانەی وا لە نووسینە کوردییەکانی سەبارەت بە کۆماری کوردستان (١٩٤٦) باسی لێوە دەکرێت کتێبی بیرەوەرییەکانی مەئموورێکی دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکایە بە ناوی " ئارچیباد رۆزوێلت" ــ کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا لە عیراق و ئێران کاری کردوە و ناسیاوی کێشەی کورد لە هەردوو وڵاتەکە بووە.

رۆزوێلت ــ لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٦ دا چۆتە سنە و پاشان سەقز، ئینجا لە مانگی دواتردا لە تەورێزەوە وەڕێ کەوتوە و بە سەڵماس و ورمێ و شنۆ و نەغەدەدا تێپەڕ بوە تا گەیشتۆتە مەهاباد و لەوێ چاوی بە پێشەوا قازی مەمەد کەوتووە و سەری چاپخانەی رۆژنامەی کوردستانی داوە. ئینجا لەوێوە بە رێگای بورهان دا (؟) چۆتە بۆکان و و پاشان گەیوەتە سەقز ــ کە لەوێ لە پادگان میوانی ژنراڵ همایونی بووە.

کتێبەکە وەرگەڕاوەتە سەر فارسی و لە لاپەڕە ٣٤٤ی دا دەنووسێت "بە ناو بۆکاندا تێپەڕ بووین و گەیشتینە هێڵی جەبهە" واتە سەرا، کە سنوری نێوان کومار و سپای ئێران بووە. دیارە زانیاری ئەوتۆ سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا نییە بەڵام سەبارەت بە کۆمار و بارودۆخی سوپای ئێران لە سەقز و سنە و بەتایبەت بۆچوونە سیاسییەکانی پێشەوا و ئەفسەرانی سوپای ئێران و بە گشتی، کێشەی کوردی رۆژهەڵات لە لاپەڕەکانیدا زانیارییەکی زۆر بەرچاودەکەوێت ــ کە ئاشکرایە دەبێ بە پارێزەوە سەیر بکرێن لەبەر ئەوەی نووسەر لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا هەڵەی زەقی کردوە.

ئارچیباد رۆزوێلت، "شوق آموختن"، ترجمه صهبا سعیدی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧١[١٩٩٢]، ٥٧٤ صفحه، فارسی